Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-03

# ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزمی و ناسیۆنالیزمی لە ئەزموونی شیعریی ڕەفیق سابیردا (١٩٧٠ – ١٩٩١ )

(توێژینەوەکە هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**عەلی هیدایەت قادر[١]، سامان عیزەدین سەعدون[٢]**

١. بەڕێوبەرایەتی پەردوەردەی گەرمیان/ پەروەردەی کەلار
٢. بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October, 2025** |

**Keywords**

**ڕەفیق سابیر، ئەنتەرناسیۆنالیزم، هەڵەبجە، ناسیۆنالیزم**

**Corresponding Author**

Ali.hidayat.qader1@gmail.com
saman.ezadin@chu.edu.iq

**پوختە:**

ڕەفیق سابیر وەک یەکێک لە دەنگە ناوازەکانی شیعری کوردی، کە بە قەڵەمێکی بە بڕشت و دڵێکی سۆزدارەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەی شیعری هاوچەرخی کوردیی گێڕاوە، ئەو شاعیرەی، کە ژیانە فیکری و هونەرییەکەی وەک ئاوێنەیەکی ڕۆشن، ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە قووڵەکانی سەردەمەکەیەتی و ئەزموونە شیعرییەکەی بەشێکە لە جیهانی شیعری سیاسی کوردی.
توێژینەوەکە گۆڕانکاریی فیکری و هونەری ڕەفیق سابیر لە شیعرەکانیدا لە (١٩٧٠ – ١٩٩١) دەخاتەڕوو، هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە چۆن گۆڕانکاریی فیکری شاعیر لە ئەنتەرناسیۆنالیزمی شیوعییەوە بەرەو ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەو پێیەی لە قۆناغی یەکەمدا وەک ئەندامێکی چەپی حزبی شیوعی عێراق بیرۆکەی یەکگرتوویی و خەباتی نەتەوە ستەملێکراوەکانی جیهانی دەربڕیوە، ڕەخنەی لە سیستەمی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم گرتووە و بە زمانێکی شیعری نوێنەوەیی باسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خەباتی نەتەوەکانی کردووە، بەڵام دوای کارەساتی هەڵەبجە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەیدا ڕوو دەدات و ڕووی لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کرد و لەو بوارەدا شیعرەکانی بوونە دەنگی خۆشەویستی نیشتیمان و پاراستنی زمان و کولتور و ناسنامەی نەتەوەیی، توێژینەوەکە دەریدەخات شاعیر توانیویەتی بە شێوازێکی هونەری بەرز هەردوو ڕێڕەوەکە تێکەڵبکات و وێنەیەکی تەواو لە کەش و هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی دەربڕێت.

## پێشەکی:

ئەدەب وەکو ئاوێنەیەکی ڕوون، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و هەستەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایە، پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت کاتێک دێتە ئاراوە، کە چەمکی ئەدەب بە واقیعە سیاسییەکەیەوە ببەستێتەوە، کاتێک ئەدەب ئەرکی وشیاری دەبینێت و بانگەشەی شۆڕش و تێکۆشان و بەگژداچوونەوە و یاخیبوون دەکات. لەناو ئەدەبدا شیعر بە تایبەتی، توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی قووڵ و کاریگەر، ڕۆڵی سەردەم و ئاسۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەربڕێت، ڕەفیق سابیر وەک یەکێک لە شاعیرە دیارەکان، توانیویەتی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا لە ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزمی جیهانییەوە ڕوو لە ڕێڕەوی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی بکات، بە تایبەت لە ماوەی نێوان (١٩٧٠ – ١٩٩١) بە ڕوونی دەبینرێت، ئەم گۆڕانکارییە تەنیا گۆڕانکارییەکی سیاسی نییە، بەڵکو دیالێکتیی ئاڵۆزە، کە تێیدا دوو بیرکردنەوەی سیاسی بە شێوەیەکی ژیرانە یەکیانگرتووەتەوە، لەو دەقانەدا ڕەفیق سابیر توانیویەتی هەردوو ڕێڕەوەکە لە ئەزموونی خۆیدا پیشان بدات و نموونەیەکی جیاواز لە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان خەباتی نەتەوەییدا بخاتەڕوو.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم لە ئەزموونی شیعری ڕەفیق سابیردا لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٩١)) بە گشتی هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەو دوو ڕێڕەوە لە شیعرەکانیدا و نموونەی پێویست لەو بارەیەوە خراوەتەڕوو.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی شیکردنەوەی لایەنی تیۆری و پراکتیکیی ئەم دوو ڕێڕەوە شیعرییە لە شیعرەکانی شاعیردا بۆ توێژینەوەکەمان ڕێبازی (وەسفی - شیکاری)مان هەڵبژاردووە .

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ڕۆشنایی خستنەسەر ئەو دیالێکتیکە نهێنییانەیە، کە لەشیعری ڕەفیق سابیردا لە نێوان ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمدا دەردەکەوێت و تێگەشتنی باشتر لە ڕۆڵی شیعر و کاریگەریی، کە لەسەر بیری سیاسی تاکی کورددا هەیەتی.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

گرنگترین هۆ لە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەدا، بۆ کەمی توێژینەوە لەسەر شاعیر دەگەڕێتەوە. هەروەها پەیوەندیی نێوان شیعر و بیری سیاسی بە تایبەت لەڕووی شیکردنەوەی گۆڕانکاریی فیکری لە ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزمەوە بۆ ناسیۆنالیزم لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، شیکردنەوەیەکی بابەتییانە بۆ ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم لە شیعرەکانی ڕەفیق سابیردا بکات، بەو پێیەی، لە کاتێکدا بە قووڵی پابەند بووە بە ئایدۆلۆژیای حزبی شیوعییەوە، بەڵام نەیتوانیوە هەستی نەتەوایەتی و ئازاری گەلەکەی لەبیربکات، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دووجار ببێتە کەسێکی نەتەوەیی.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

**ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە:**

**تەوەری یەکەم:** باسی ئەزموونی سیاسیی ڕەفیق سابیر دەکات، سەرەتا وەک ئەندامی حزبی شیوعیی عێراق، دواتر ئەو گۆڕانکارییە فیکرییەی، کە لە ئەزموونی سیاسیی ئەودا ڕوویدا بەرەو ڕێڕەوی نەتەوەیی برد.

**تەوەری دووەم:** بە نموونەی شیعرییەوە شیکردنەوەی هەردوو ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم لە شیعرەکانی ڕەفیق سابیردا دەکات، لە چۆنێتی دەربڕین و پەرەسەندنی هەردوو ڕێڕەوەکە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا دەکۆڵێتەوە.

## ١. تەوەری یەکەم: ئەزموونی سیاسیی ڕەفیق سابیر:

### ١,١. ئەزموونی سیاسیی ڕەفیق سابیر:

شیعر وەکو دەربڕینێکی هونەری بەردەوام پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش لە شیعری شاعیرانی کورددا بە تایبەت بەرچاوە بەو پێیەی دۆخی سیاسی کوردستان بەردەوام لە ژێر کاریگەری ململانێ و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا بووە.

ڕەفیق سابیر وەک یەکێک لە دیارترین شاعیرانی هاوچەرخی کورد، نموونەیەکی بەرچاوی کارلێکی نێوان شیعر و سیاسەتە، ژیانی سیاسی و خەباتکەریی شاعیر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دارشتنی ئەزموونی شیعریی ئەودا هەبووە، بەو پێیەی لە سەردەمێکدا گەورە بووە، کە لە ژێر هێرش و ستەمی حکومەتی عێراقدا بووە، بەشداریکردنی چالاکی لە پرۆسەی سیاسیدا، وای لێکردووە تێڕوانینێکی قووڵ و هەمەلایەنەی بۆ پرسە مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان هەبێت و لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "من کە چاوم کردەوە لەناو شەڕ و بۆردوماندا خۆم بینییەوە، لە ئەیلولی ١٩٦١ دا کاتێک شەڕی نێوان دەوڵەتی عێراق و کورد دەستیپێکرد تەمەنم پازدە ساڵ بوو، لەو کاتەوە سیاسەت بە مانا گشتییەکەی بوو، بە بەشێک لە ژیانی ئێمە و تەنانەت تێکەڵی ئەو هەوایەش بوو کە هەڵمان ئەمژی". (سابیر، ٢٠١٤: ١٥)

ئەزموونی سیاسیی ڕەفیق سابیر لە تەمەنی هەرزەکاری و لە پۆلی یەکەمی ناوەندی لە ساڵی ١٩٦٤ دەستپێدەکات و دەچێتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی حزبی شیوعی و وەک خۆی دەڵێت:''ئەو کاتە لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بووم چوومە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی عێراقەوە، قوتابییەک، کە بە تەمەن سێ چوار ساڵێک لە من گەورەتر بوو، پێشنیاری بۆ کردم ببمە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی عێراق، پێموابێ ئەوکاتە لە پۆلی یەکەمی ناوەندیی بووم، ئەوە بۆ من وەک ڕووداوێک بوو، چونکە وەک ئەوە وابوو پێمبڵێن ئیدی تۆ منداڵ نەماویت و گەورە بوویت و بەرپرسیارێتیت دەکەوێتە ئەستۆ.'' (غەفور، ٢٠٢١: ٣٤) ئەم هەنگاوەش لای شاعیر هەستی بەرپرسیارێتی دروستدەکات و بەرەو هزری سیاسیی دەبات.

ڕەفیق سابیر تا ساڵی ١٩٦٨ واتا قۆناغی پێنجی ئامادەیی لە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی حزبی شیوعی دەمێنێتەوە، پاشان دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دادەبڕێت و زیاتر خەریکی خوێندنەوە دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی حزبی بەعس لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵاتی سیاسیی عێراق گرتەدەست، لە سەرەتای حەفتاکاندا گۆڕانکاریی بەرچاو لە پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی عێراق ڕوویدا، مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠) بووە هۆی باشترکردنی بارودۆخی کورد لە بەغدا، ڕەفیق سابیر دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد، بۆ ماوەی دوو ساڵ بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆی و مردنی باوکییەوە لە خوێندن دادەبڕێت. پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ دوای ئەوەی لە زانکۆ وەردەگیرێت، دەچێتە بەغدا و لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) کە حزبی شیوعی بە زمانی کوردی دەریدەکرد، دەست بە کارکردن دەکات، لەمبارەیەوە دەڵێت: ''لە هاوینی ١٩٧٢ لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) کە حزبی شیوعی عێراق بڵاویدەکردەوە، دەستم بە کارکردن کرد، تا ئەو کاتە هیچ پەیوەندییەکم بە یەکێتی قوتابیان و حزبی شیوعییەوە نەمابوو، بەڵام وەک کەسێکی چەپ و مارکسی بۆ دنیام دەڕوانی.'' (سابیر، ٢٠٢٣: ١٨٦)

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی حزبی شیوعی و حزبی بەعس تێکدەچێت ''کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا و لە کۆتاییدا ڕاپۆرتیان پێشکەش بە حکومەتی بەعس کرد، لە دواییدا داوایان کردبوو، کە واز لەم ڕێبازە چەوت و پڕ مەترسییە بهێنن و دەست لە دوژمنایەتی کردنی نەتەوەی کورد و ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی هەڵگرێت، دۆستایەتی و پەیوەندیی برایی لەسەر بنەمای ڕاست و ڕەوا بگرێتەوە، بەڵام بەعسییەکان نەک هەر گوێیان بەو داواکاریانە نەدا، بەڵکو زیاتر کەوتنە بەربەرەکانی شیوعییەکان، سەرەتا لە ڕاگەیاندنەوە دەستیان پێکرد و کەوتنە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک وتار لە ڕۆژنامەکانیان، ئەوە جگە لەوەی بە وردیی لە ڕێگەی ئاسایشەوە چاودێریی کاروبار و تێڕوانین و هەڵوێستەکانی حزبی شیوعیان دەکرد.''(هەڵەدنی، ٢٠٢٤: ٨٨)

ڕەفیق سابیر تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ و تێکچوونی پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و عێراق و حزبی بەعس و بەرپاکردنی شاڵاوی گرتن و ئەشکەنجەدانی شیوعییەکان بڕیاردەدات بۆ خوێندن دووبارە ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: '' ئێمە دەمانبینی پیاوانی بەعس و دەزگا هەواڵگرییەکان لە دەورووبەری ڕۆژنامەکەمان (بیری نوێ) دەسووڕانەوە و چاودێری زۆر وردی ئێمەیان دەکرد، زۆری نەبرد کەوتنە ڕاونان و گرتنی دەیان هەزار ئەندام و کادری حزبی شیوعی عێراق، من لە ڕۆژی ٨/٩/ ١٩٧٨ عێراقم بەجێهێشت، بۆ خوێندن چوومە بولگارستان'' (غەفور، ٢٠٢١: ٤٢)

لەو ماوەیەدا کە شاعیر لە بولگارستان دەبێت، تا دەهات ستەم و تیرۆری بەعس زیادیدەکرد و ڕۆژانە هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی لە سۆفیا، دەگەشتە شاعیر بۆیە دوای حەوت مانگ مانەوە لە قۆناغە هەستیارەکانی ژیانیدا بیروباوەڕێکی بۆ گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لا دروستدەبێت و ڕوو دەکاتە شاخ و خەباتی چەکداری هەڵدەبژێرێت، دەڵێت: ''بیروباوەڕی ئینسان کار و ڕەفتارەکانی دیارییدەکات، بیرکردنەوە و تێڕوانینی سیاسی و ڕوناکبیری و ئەخلاقیم، بەرەو ئەوەیان بردم گرنگترین بڕیاری ژیان بدەم، ئارەزوومەندانە بۆ پێشمەرگایەتی بچمە کوردستان'' (سابیر، ٢٠٢٢: ٣٧)

دوای چەند مانگێک مانەوە لە شاخ و کارکردن لە ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەیی لەنێو ئۆرگانەکانی حزبی شیوعیدا، لە ساڵی ١٩٨٢ بەهۆی شەڕی ناوخۆ گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هەڵوێستی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەودا دروستدەبێت، بڕیاردەدات ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخ بەجێبهێڵێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: ''من وەکو بەرپرسی ڕاگەیاندنی هەرێمی حزبی شیوعی، دەبوو شەیپوری شەڕ هەڵگرم و پاکانە بۆ شەڕێک بکەم نە باوەڕم پێیەتی، نە لە بڕیاردانیدا بەشداربووم، نە دەتوانم لە ڕاگرتنیدا ڕۆڵێکم هەبێت، ئەوە بۆ من تەنیا مەسەلەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو لە پێش هەموو شتێک وەک مرۆڤ و شاعیر مەسەلەیەکی ئینسانی و نیشتیمانی و ڕوناکبیری و ئەخلاقی بوو، بۆیە بڕیارم دا شاخ بەجێبهێڵم.'' (سابیر، ٢٠٢٣: ٣٣٧)

شاعیر لەدوای بەجێهێشتنی شاخ، لە ڕێگەی تارانەوە بەرەو سوریا دەڕوات، نزیکەی سێ مانگ لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دەچێت بۆ بولگارستان لەوێ دەست بە خوێندنی دکتۆرا لە بواری فەلسەفەدا دەکات ، هاوکات لە سۆفیا دەبێتە نوێنەری حزبی شیوعی هەتا ساڵی ١٩٨٨، دواتر ڕوو لە دیمەشق دەکاتەوە، وەک ئەندامی بەرەی کوردستانی نوێنەرایەتی حزبی شیوعی دەکات لە دەرەوەی وڵات، بەڵام دوای کارەساتی هەڵەبجە وەک زۆرێک لە گەنجە ڕووناکبیرە کوردەکانی ناو حزبی شیوعی دووچاری گۆڕانکاریی دەبێت، لە هزر و تێڕوانینیدا، بۆیە لە هاوینی ١٩٨٩ واز لە حزبی شیوعی دەهێنێت و وەک پەنابەر ڕوو لە وڵاتی سوید دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: ''ئێمە گەشتینە ئەو ئەنجامەی، کە حزبی سەرانسەریی لە وڵاتی فرە نەتەوەدا، کە نەتەوەی سەردەست و بندەستی تێدایە، ناتوانێت حزبی هەردوو نەتەوە بێت، سەرەنجام هەروەک حزبی نەتەوەی سەردەست دەمێنێتەوە، حزبی شیوعی عێراق، بە درێژایی مێژووی خۆی لە ناوەڕۆکدا زیاتر حزبی خەڵکی عەرەب بووە، بەرژەوەندی گەلی عەرەبی خستووەتە پێش بەرژەوەندی گەلی کورد، بۆیە دواتر من و سەدان ئەندام و کادیری تر وازمان لە

حزبی شیوعی هێنا". (غەفور، ٢٠٢١: ٧٦)

لەم ڕوانگەیەوە هۆشیاری سیاسی و دیاریکردنی هەڵوێستی ڕوون لەلایەن ڕووناکبیرانەوە، سەرەڕای ئەوەی، کە لەوانەیە باجی قورسی هەبێت، بەڵام پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەم هەڵوێستە دەتوانێت لە چەند شوێنێکدا خۆی ببینێتەوە، یان بە بەشداری ڕاستەوخۆ لە پرۆژە سیاسییەکانی وڵاتدا، یان پشتگیریکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو هەنگاوانەی کە بەرەو چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەڕۆن. (عەبدولواحید، ٢٠١٤: ٤٣)

ئەم هەڵوێستەی ڕەفیق سابیریش بووە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هزری سیاسی و ڕووناکبیری ئەودا، بەرەو هزری نەتەوایەتیی برد، کە لە تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە نموونەی شیعرییەوە ئاماژەی پێدەکەین.

## ٢. تەوەری دووەم: ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم، لە شیعرەکانی ڕەفیق سابیردا:

### ٢,١. ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزم

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ئەنتەرناسیۆنالیزم لای ڕەفیق سابیر بە پێویستی دەزانین تیشکبخەینە سەر چەمکی ئەنتەرناسیۆنالیزم و ڕەنگدانەوەی لەناو ئەدەبیاتدا بەو پێیەی ئەم چەمکە یەکێکە لە بنەڕەتە فیکرییەکان، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە کاریگەریی قووڵی لەسەر ئاراستە ئەدەبییەکاندا هەبووە.

لەڕووی چەمکەوە ئەنتەرناسیۆنالیزم ئەو "بیرۆکەیەیە، کە دەڵێت ئێمە هەم بەشێکین لە کۆمەڵگایەکی فراوانتر لە نەتەوە هەم دەبێت وەها بین، دوو ڕووبەری سەرەکی، کە تێیدا بیری ئەنتەرناسیۆنالیست ڕووبەڕوو بە یەکەوە و گرێبەندبوون، بریتییە لە ئایدیاکانی حکومەتی گەردوونی و زمانی گەردوونی." (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٩: ١١١)

نێونەتەوەیی بوون یەکێکە لە "بنەماکانی شۆڕشی سەردەمی نوێی گەلانی دنیا لە پێناو ڕزگاری و سەربەستی سەرجەم مرۆڤایەتیدا و کارکردن بۆ نەهێشتنی ستەم و بەرپاکردنی دادگەری و یەکسانی بۆ هەموو جیهان، کە ئەمەش یەکێک بوو لە بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیست، کە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو پێشەوایەتی دەکرد، بە مەبەستی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزی جیهانی (ئیستعمار) و ڕزگارکردنی گەلانی دنیا لەژێر دەستی ئەو ڕژێمە." (مستەفا، ٢٠١٩: ٢١٥)

ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاق و جوانناسییەکانی ئەدەب هێندەی مێژووی ئەدەب خۆی کۆنن، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە دێرزەمانەوە مەیلێکی مرۆیی دیارییکراو بۆ گرنگیدان بە ڕۆڵی ئەدەب و ئاراستەکردنی بەرەو بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگا و نیشتیمان و مرۆڤایەتی و سیستمی بیروباوەڕ و بۆچوونەکان هەبووە.

هەربۆیە سەرانی بیری کۆمۆنیزم کاریگەریی هونەر بە گشتی و ئەدەب بە تایبەتی لە دروستکردنی کۆمەڵگا و پێکهێنانی ئاراستەی هزری و داڕشتنی سۆزی مرۆڤەکاندا بە باشی هەستپێکرد، ئەوان بە وردیی چاودێری کاریگەریی ئەدەبیان لە بەهێزکردنی سیستەم و بەرنامە هزرییەکاندا درکپێکرد بە ڕادەیەک ڕێبەری ڕوسیا و حکومڕانەکەی (جۆزێف ستالین) دەیوت: "هونەرمەندان و ئەدیبان ئەندازیاری مرۆڤایەتین" (الباشا، ٢٠٠٤: ١٥٠)

مارکسیزم پەیوەندیی نێوان نووسەر و بەرهەمەکەی و کۆمەڵگا ڕووندەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە نووسەر دەبێت بە ویژدانەوە، هاوکات پەیوەندیی بە خەڵک و کۆمەڵگاوە هەبێت و بەرهەمەکەی لە خزمەت بەرژەوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا بێت، ئەم ڕێبازە پێیوایە "ئەوەی نووسەر دەینووسێت ناشێت بە هۆ لەقەڵەمبدرێت، بەڵکو ئەوەی دەینووسێت خۆی لە خۆیدا ئامانجە، دیارە ئەوەی ئەینووسێت بە نسبەت خۆی و خەڵکییەوە هەندێک هۆی تێدایە، بەڵام بۆچوونی خۆی دەخاتە پێناوی و گەر پێویستیشی کرد ئەبێتە قوربانی بەرهەمەکەی، جا ئەگەر پیاوێکی ئایینی پەیڕەوی ئەو پەندە بکات، کە دەڵێت: "ملکەچی خواوەند بە نەک هی خەڵک" ئەوا نووسەر دەبێ بەر لە هەرچی چاودێری ویژدانی خۆی بکات و بە تەنگ پێداویستی و ئارەزووە مرۆڤایەتییەکانی ئەو خەڵکە بێ، کە لە دەورووبەریدا ئەژین." (فریفیل، ٢٠١٩: ٤٦ – ٤٧) لەو ڕوانگەیەوە بەپێی تیۆری مارکسیزم، نووسەر و هونەرمەند دەبێت ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵایەتی ببینن، کە خزمەت بە بەرژەوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکات.

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی بەرجەستەکردنی لایەنی مرۆڤایەتییە، شاعیرە کوردەکان لە شیعرەکانیاندا ئەم لایەنەیان بەرجەستەکردووە، گۆرانی شاعیر لە شیعری (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازاد) توانیویەتی ئەو نەهامەتی و ئازار و نارەحەتییانە لە شیعرەکەیدا بەرجەستەبکات، کە بەسەر گەلی کۆریادا هاتووە، هەر وەکو دکتۆر کامیل بەسیر دەڵێت: "شاعیرێک پێی ناوترێت شاعیر، ئەگەر دەنگوباس ڕێکبخات و بیکاتە هۆنراوە، بەڵکو کاتێک دەبێت بە شاعیر، کە لە ناو ئەو ڕووداو و دەنگوباسانەدا بژی و تاڵییەکەی بچێژێت، ئەگینا چۆن مامۆستا گۆران ئەتوانێت لەگەڵ ئەو کارەسات و ناسۆرانەدا بژی، کە کۆریای نەدیێ و هاوبەشی تیانەکردبێت، بەڵێ ڕاستیشە، کە مەرج نییە شاعیر خۆی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بژی و تاڵییەکەی بچێژێت، تا بتوانێت هەستی دەربڕێت و هۆنراوەیەکی هونەری ڕێکبخات، بەڵام مەرج ئەوەیە، کە ئەو ڕووداوانە پەیوەندییەکی توندی هەبێت بەو ڕووداوانەی، کە شاعیر تێیدا ژیاوە لە وڵاتەکەی خۆیدا." (بەسیر، ١٩٦٠: ١٠٥)

ڕەفیق سابیر وەک یەکێک لەو شاعیرە کوردانەی، کە بە بیری ئەنتەرناسیۆنالیستەوە هاتۆتە دنیای شیعر و ئەدەبیاتەوە، لە شیعرەکانیدا بەتایبەت جیهانبینییەکی فراوانی پێشکەشکردووە و بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتری مرۆڤایەتی هەنگاویناوە، لە تێڕوانینی ئەدەبی و فەلسەفیدا بەرهەمەکانی سابیر ڕەنگدانەوەی دیالێکتی پەیوەندی نێوان چارەنووسی نەتەوەی کورد و چارەنووسی هەموو گەلە ژێر دەستەکانی جیهانە،

کە تێیدا ڕێبازی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بەشێکە لە پرۆسەیەکی فراوانتری دژە - کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیزم، دەتوانین بڵێین شیعری ڕەفیق سابیر نموونەی سەرکەوتووی تێکەڵکردنی ئەزموونی نەتەوەیی- مێژووی کوردستان و بیری پێشکەوتنخوازی جیهانە، کە تێیدا ئازادی تاک و کۆمەڵگا وەک دوو ڕووی یەک دراو دەبینرێت و هاوخەباتی چینە زەحمەتکێشەکان بێ لەبەرچاوگرتنی سنوورە جیۆپۆلەتیکییەکان بەدیهێنەری دنیایەکی دادپەروەرتر و یەکسانتر دەبێت بۆ مرۆڤایەتی.

هۆنراوەی (ئەی گوڵ) یەکەم هەنگاوی ڕەفیق سابیرە لە بواری داهێنانی شیعریدا، بە گیانێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی هەڵدەنرێت، ئەو گیانەش واقیعی ئەو بارودۆخە سیاسییە وەردەگرێت، کە سەدان تۆوی تاقیکردنەوەی شیعری تێدایە و چاوەڕوانبوو شاعیر دەستیان بداتێ و گیانێکی شیعری لێ بنیادبنێ، شاعیر سەرەتا نموونەی چۆنێتی بەیەکەوە بەستنەوەی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی دەخاتەڕوو، بەڕاشکاوی دەریدەخات، کە ڕزگاری نیشتیمانی تەنیا بۆ قۆناغێکە بۆ گەشتن بە ئامانجی گرنگتر، کە ڕزگاریی چینە هەژار و چەوساوەکانە و بە تەواوی هاوئاهەنگە لەگەڵ بۆچوونی ئەنتەرناسیۆنالیزمدا، کە پێیوایە سەربەخۆیی نەتەوەیی بەبێ گۆڕینی سیستەمی چەوسێنەر، ناتوانێت ڕزگاریی ڕاستەقینە بەدیبهێنێت و دەڵێت:-

**ئەی گوڵەکەم**
**بەو هیوایەی وڵاتەکەم**
**لە چنگ داگیرکەری زۆردار**
**ڕزگار بکەم**
**خۆشم ویستی ...**
**تا ڕەش و ڕووت و هەژاران**
**لە چەوسانەوە و ژێردەستی**
**دەرباز بکەم (سابیر، ٢٠١٤: ٦)**

شاعیر بەوەوە ناوەستێت، بەڵکو بناغەی مەودای خەباتی شۆڕشگێڕی دەخاتەڕوو، کە (ئارەقەی ناوچەوان) بە ڕوونی هێمایە بۆ کار و ماندوبوون و هەوڵی جەستەیی، کە لە فەلسەفەی مارکسیزمدا سەرچاوەی هەموو بەهایەکە، (بەرهەمی ڕۆژان)، باسی (نەسرەوتن)، و (کۆڵنەدان) دەکات، کە دوو چەمکی گرنگی خەباتی چینایەتین پەیوەندییان بە بەردەوامبوون و ئارامگرتنەوە هەیە، کاتێک شاعیر کۆیاندەکاتەوە و باسی ڕێکخستنی هێز دەکات بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەوە نیشاندەدات، کە ڕزگاریی نەتەوەیی و چینایەتی لە ڕوانگەی ئەنتەرناسیۆنالیزمەوە پێویستی بە کاری بەردەوام و خۆڕاگری و ڕێکخستنی زانستی هەیە، نەک تەنیا خۆشەویستی ڕووت، دەڵێت:

**ئەمرۆش هەندێک لە ئارەقەی ناوچەوانم**
**لە بەرهەمی ڕۆژانی پڕ**
**نەسرەوتن و کۆڵنەدانم کۆکردەوە**
**بۆ تۆ ... بۆ گشت هاوڕێکانم**
**بۆ ئەوانەی لە دڵەوە**
**هاوبەشن لە تێکۆشانم**
**گەر لەم کارە واز نەهێنم**
**تاکو دەریایەک پێکدێنم**
**لە ئارەقەی ناوچەوانم**
**ڕەگ و ڕیشەی گشت ئەمانەی پێ دەردێنم**
**کە وەک جەمەرن لەسەر گیانم (هاوکاری، سابیر، ١٩٧٠: ٤٣)**

شاعیرانی ئەنتەرناسیۆنالیزم ئاوڕ لە خەبات و قوربانیدانی گەلانی دنیا دەدەنەوە، چونکە باوەڕیان بە هاوخەمی نەتەوەیی هەیە و خەباتی ستەملێکراوان وەک بەشێک لە خەباتێکی گشتگیری مرۆڤایەتی دەبینن، ئەوان هەوڵدەدەن ببنە دەنگی بێدەنگکراوەکان، وانەی مێژوویی لەو خەباتە وەردەگرن، بەهۆی ڕوانگەی چەپی سۆسیالیستییانەوە، خەبات دژی چەوساندنەوە بە ئەرکێکی جیهانی دەزانن، هەوڵدەدەن لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی ئەزموونە هاوبەشەکان لە ڕێگەی هونەرەوە شۆڕشێکی فیکری و ڕۆحی بەرپابکەن و دەڵێن: ''بریی هەر گەلێک بریی منە، سروودی ئازادی هەر گەلێک سروودی منیشە'' ئەم جۆرە وشەیە دەبێتە چەکێک لە خەباتی هاوبەشی مرۆڤایەتی بۆ دادپەروەری و ئازادی.

ڕەفیق سابیر لە شیعری (ڤیکتۆر گارا)دا ئاوڕ لە قوربانیدانی هونەرمەندی شیلی (ڤیکتۆر - گارا) دەداتەوە، کە دژی دیکتاتۆری شیلی (ئەگۆستۆ پینۆشێ) خەباتی کرد و گوللە باران کرا، وێنەی زوڵم و ستەمی سیستەماتیک و بێدەنگبوونی دنیا بەرامبەر خەڵکی شیلی دەخاتەڕوو، هێزی هونەر لە خەباتی سیاسیدا، چەمکی نەمریی دوای قوربانیدان دەورووژێنێت، وێنەیەکی سروشتی و دەروونی دەکێشێت، ڕووبار و هەورەکان وەک هێمای ژیان و هاوکات تەنیایی و گۆڕستان وەک هێمای مەرگ و ئازار پیشاندەدات و دەڵێت:

**ڕووبار باوەشێک شەپۆلی هەڵگرتووە**
**هەور: باران**
**خوا: تەنیایی**
**گۆڕستان کپی و ساماکی**
**تۆش ئازاری چەوساوانی سەر زەمینت**
**هەڵگرتووە (سابیر، ٢٠١٤: ٨٢٠)**

ئەو دەیەوێت بڵێت خەباتی ئازادیخوازی سنووری نییە و لە هەموو شوێنێک یەکسانە، شەقامە خوێناوییەکان و ڕووبارە بەهەڵمبووەکان نیشانەی ئەو قوربانیانەن گەلانی ستەملێکراو پێشکەشیدەکەن، بە بەراوردکردنی شاعیر (ڤیکتۆرگارا) لەگەڵ شاری (سانتیاگۆ) پیشانیدەدات هونەرمەند و گەلەکەی چارەنووسیان یەکە و لە یەک خەباتدان، دەستەواژەی (بەخۆت دادە)ش، وەک بانگەوازێک بۆ خۆڕاگری و بەرپرسیارێتی بەکاردەهێنێت و دەڵێت:-

**دەڵێی هەموو شەقامەکان**
**بەرگی خوێنیان لەبەردایە**
**ڕووبارەکان بوونە هەڵم و**
**خوێن جێگای گرتوونەتەوە**
**بە خۆت دادە!**
**تۆش وەکو شاری سانتیاگۆ**
**سەرپۆشی خوێن بە خۆت دادە**
**بەخۆت دادە ..**
**بەخۆت دادە! (سابیر، ٢٠١٤: ٨٢٠)**

هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەنتەرناسیۆنالیستەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی ئۆرگانێکی هەردوو لایەنی مەسەلەی نەتەوایەتی و جیهانی بینادەکات، لەبەرئەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی ڕاستەقینە لەناو جوڵانەوەی کرێکاراندا، لە هەمان کاتدا بریتییە لە بیروباوەڕی ئەنتەرناسیۆنالی ڕاستەقینە، هەروەک (ئەنگلز) دەڵێت: ''ئەوگرنگ و بایەخەی بە خەباتی نیشتیمانی ئەدرێت، تەنیا لەبەرگرنگی ئەو خەباتە نییە لە چوارچێوەی نیشتیمانیدا، بەڵکو کۆڵەکەیەکی پتەو و ڕاستەقینەی خەباتی ئینتەرناسیۆنالیزمییە و جومگەیەکی ئەساسی شۆڕشی جیهانە''. (ڕەوا، ١٩٨٤: ١٥)

ڕەفیق سابیر لە شیعرێکدا چەمکی خەباتی چینایەتی و یەکگرتویی پرۆلیتاری جیهان بەرجەستەدەکات و خۆی وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی جیهانی دەبینێت، کە ئامانجی گۆڕینی دنیا و ڕزگارکردنی چینی کرێکار و چەوساوەکانە، بێ گوێدانە جیاوازییە نەتەوەیی و کلتوورییەکان، و دەڵێت:-

**جارێکی دی داربەڕوو دەکەمە زرێ**
**بە بازووی پرۆلیتاریانەم ئاسۆی خۆڵاوی و ژێردەستە**
**دادەپۆشم، ئاڵاکەم وەک بەیان لەسەر لوتکەی خۆڵەمێش،**
**وەک ئاشتی لەسەر کەلاوەی مێژوو هەڵدەکەم، وەرزێک**
**دەکەمە نۆماڵ کە زەیستانە**
**لەناکاو بروسکەیەک تەڕم دەکات،**
**لە ئاسمانی وەنەوشەییرا**
**بە سووتاندا**
**دێمە خوارێ! (سابیر، ٢٠١٤: ٦٢٩)**

لەم شیعرەدا سابیر ڕووحی ئەنتەرناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕانە هەڵدەگرێت، کاتێک دەڵێت ''بە بازووی پرۆلیتاریانەم ئاسۆی خۆڵاوی و ژێردەستە دادەپۆشم'' ئەمە گوزارشتە لە بیری ئەنتەرناسیۆنالیزمی مارکسیتی، کە تێیدا کرێکار و چەوساوەکان دەبنە هێزی گۆڕانکاری مێژوویی، کاتێکیش باس لە ''ئاڵا دەکات وەک بەیان لەسەر لوتکەی خۆڵەمێش وەک ئاشتی لەسەر کەلاوەی مێژوو'' ئاماژەیە بۆ ڕزگاری و یەکسانی جیهان دوای خەباتی چینایەتی (ئاڵا)ش دەبێتە نیشانەی سەرکەوتنی خەباتی هاوبەشی چەوساوەکان لە هەموو جیهاندا، هەروەها کاتێک دەڵێت: ''وەرزێک دەکەمە ماڵ کە زەیستانە'' ئەو هیوایەیە، کە دەیەوێت سەرجەم شوێنە ساردەکان، واتا وڵاتانی ژێردەستە و ستەملێکراو گڕی تێبەربدات و شۆڕش دژی زوڵم و ستەمکاری بەرپابکەن، کەواتە ئەم شیعرە هەڵگری هەستی بەرخودان و خەباتە دژی چەوسانەوە و نیشاندانی ئیرادەی بەهێزە بۆ گەیشتن بە ئازادی.

لە شیعری (دڵی شاعیر)دا شیعر دەکاتە پەناگەیەکی ئارام بۆخۆی، کە تێیدا هاڵاوی ئازارەکانی تێدا هەڵدەڕژێت، بە زمانێکی نەرم، بەڵام پڕ لە بەرخودان، ڕووبەڕووی زۆرداران دەبێتەوە، پێیاندەڵێت، ئێوە دەتوانن جەستەی مرۆڤ بکوژن و بیچەوسێننەوە، بەڵام ناتوانن ڕۆحی

ئازادیخوازیی و خۆشەویستی ناو دڵی بکوژن، هەرچەند ستەمکاران هەوڵبدەن و کەسانی زۆر بکوژن، ناتوانن بگەنە ئەو ئامانجەی پێیانخۆشە، کە کوشتنی گیانی ئازادیخوازی و ئەشقە، ئەمە وەک پەیامێک دەگەیەنێت، دەربارەی بەردەوامبوونی مرۆڤ لە خەبات لە پێناوی ئازادی و دادپەروەریی سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەی، کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەڵێت:-

**شاعیر هاڵاوی ئازارەکانی لە شیعر دەگرێت**

**بە جەللادانی ژوور سەری دەڵێت**

**سەرم دابگرن**

**دڵم گۆرانی و**

**ڕووباری ئەشقی لێوە هەڵدەقوڵێت**

**(دەستی زۆردار سەد سەر ئەکا ناگاتە دڵێ) (سابیر، ٢٠١٤: ٦٦٨)**

کەواتە ئەدەب پێویستە پێشەنگی (خزمەتکردن بێت بە گەل، چونکە ئەدەب یەکێکە لە چەکە کاریگەرەکانی خەباتی مرۆڤایەتی دژ بە چەوساندنەوە و ستەم و زۆرداری، لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو بەشێک لە ئەدەب و ئەدەبییەکان بەم ڕۆڵە کاریگەرەی خۆیان هەستاون و ئەدەبەکەیان ڕێڕەوی مێژووی گۆڕیوە، چەندین گەل و نەتەوەیان لە ژێردەستیی ڕزگار کردووە و لە خەباتی چینایەتیشدا بوونەتە پاڵپشتی چینی چەوساوە. (مستەفا، ٢٠١٩: ٢٢٥)

ڕەفیق سابیر لە شیعری (گەڕانەوە)دا، کە بۆ (یوسف سەلمان یوسف) ناسراو بە (فەهەد)، کە یەکەم چالاکوانی کۆمۆنیستی عێراق و یەکەم سکرتێری حزبی شیوعی عێراق بوو، لە ساڵی ١٩٤١ تا لە سێدارەدانی بە دەستی ڕژێمی پادشایەتی لە ساڵی ١٩٤٩، ئاسۆی بیری ئەنتەرناسیۆنالیزم دەکاتە مۆم و مانگەشەو، لە هەناوی وشەکانیدا گڕی بیرکردنەوەی جیهانی کۆمۆنیزم دەسووتێت و لە ڕووباری قوربانیدان، ڕۆژی نوێی خەباتێکی بێسنوور هەڵدێت، پەیامی سۆسیالیزممان بۆ دەگێڕێتەوە، لە شیعرەوە ئاڵای سووری مێژووی خەباتی چینایەتی بەرزدەکاتەوە، بە فرمێسکی نان و گوڵ، کە هێمای مانگرتنی کرێکاران (ماساپۆستس ١٩١٢)، فەهەد لە خاکی مەرگەوە ڕادەگوێزرێت بۆ ئاسمانی نەمریی، بەمەش پەیامێکی قووڵی ئەنتەرناسیۆنالیزم دەگەیەنێت، هیچ سنوورێکی نەتەوەیی، هیچ سووتاندن و کوشتنێک ناتوانێت ڕێگە لە گەڕانەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی بگرێت، کە بەشێکە لە تێکۆشانی نێونەتەوەیی چینی کرێکار و چەوساوەکان و لە هەر دێڕێکدا بانگەوازی تێکەڵبوونی ڕووبارەکانی خەباتدەکات بۆ دەریایەکی بێکەنار لە یەکگرتوویی نێونەتەوەیی، دەڵێت:-

**هەموو شەوێک هاوڕێیەکەم**

**بە هێمنی سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکات**

**لە سۆراخی گەورە و بچوکیان دەپرسێت**

**باسی ڕاستی**

**دادپەروەری و**

**سۆسیالیزمیان بۆ دەکات**

**کە دەیگرن... ئەمجارەیان ملی بە پەتەوە ناکەن**

**لە کەناری ڕووبارێکدا دەیسووتێنن**

**خۆڵەمێشە جوانەکەی دەدەن بە ئاودا**

**کەچی لە بەیانی ڕۆژی ئایندەدا**

**جارێکی دی**

**چەپکە تیشک دەچنێتەوە**

**بە دەستە چەپە براوەکەی**

**نان و**

**گوڵ و**

**ئاڵایەکی سوور هەڵدەگرێت**

**بەرەو ئەم شارە دێتەوە (سابیر، ٢٠١٤: ٧٧٩)**

دواجار ڕەفیق سابیر (تاڵێک گزنگ) دەکات بە مەشخەڵێکی جیهانی، کە سنوورە دەستکردەکانی مرۆڤ دەسووتێنێت چارۆکەی کەشتی برایەتی دەشەکێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە گزنگ ئیدی تیشکێکی سروشتی نییە، بەڵکو پەیامێکی ڕزگاریخوازییە کە بە ئاسمانی هەموو گەلانەوە هەڵواسراوە، ئەو گزنگەی خوێنئاسا سوور، هێمایەکی مەزنە بۆ قوربانیدانی هاوبەشی چینی کرێکار و ڕەنجدەران لە سەرانسەری جیهاندا، کاتێک شاعیر بە نەرمی دەیهۆنێتەوە و دەڵێت: ''وەک هاوڕێیەکەم باوەشی لە لوتکە داوە'' دەنگی هەموو ئەو مرۆڤانە دەبیسترێت، کە لە گۆشە و کەناری دنیاوە سەرەڕای جیاوازی زمان و ڕەگ و ڕەچەڵەک، دەست لەناو دەست بەرەو لوتکەی ئازادیی هەنگاودەنێن، و دەڵێت:-

**تاڵێک گزنگ خوێنئاسا سوور**

**بە ئاسۆوە هەڵواسراوە**

**لە کەمەر و باڵای ئێوارە ئاڵاوە**
**تاڵێک گزنگ دەڵێی شەپۆل و هاژەیە**
**بە ڕووبارەوە نووساوە،**
**وەک هاوڕێکەم باوەشی لە لوتکە داوە**
**عەشق و**
**ئازادی و**
**داهاتووی لەکۆڵ ناوە ( سابیر، ٢٠١٤: ٧٧٧)**

لەو ڕوانگەیەوە ڕێڕەوی شیعریی ئەنتەرناسیۆنالیزمی ڕەفیق سابیر بەرهەمی بیری نێودەوڵەتی چەپی مارکسیزمی لینیزمە، پەیامی شیعرەکانی سنوورەکان دەبڕێت و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی فراواندا، خەبات و قوربانیدانی تاکەکان لە پێناو ئازادی گشتیدا بەرجەستەدەکات و لەرێگەی بەکارهێنانی هێما جیهانییەکانی بزووتنەوەی چەپ، بنەمایەکی هاوبەشی لە نێوان خەباتی گەلان دەخاتەڕوو، ئامانجی شیعریی ئەو داکۆکیکردنە لە یەکێتی چەوساوەکان، بێ گوێدانە سنوورەکانی نەتەوە، زمان یان جوگرافیا.

## ٢,٢. ڕێڕەوی ناسیۆنالیزم

ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مێژوویی، فیکری، سیاسیی و کۆمەڵایەتی گرنگە لە هەردوو سەدەکانی نۆزدە و بیستدا ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیان و مێژووی نەتەوە جیاجیاکانی دنیا گێڕاوە. ناسیۆنالیزم لە ڕێی پارێزگاری لە ناسنامە و کولتووری نەتەوەیی ڕەهەندێکی گرنگی خۆی، کە پاراستن و زیندووڕاگرتنی نەتەوەیە، دەخاتەڕوو، بەو واتایەی ناسیۆنالیزم ئامرازێکی کاریگەریی پارێزگاریکردن لە کولتوور و بوونی نەتەوەییە، لە دوو سەدەی نۆزدە و بیستدا، بزاڤی ناسیۆنالیزم بەشی هەرە گەورەی نەتەوەکانی ئەورووپای بەرەو یەکبوون و چوونیەکی سیاسیی و کولتووریی (دامەزراندی دەوڵەتی نەتەوەیی) برد. (صدیق، ٢٠٠٤: ١٦١)

لەگەڵ هەبوونی کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز لە بارەی سەرەتای سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە ڕۆژئاوا، بەڵام بەشی زۆری بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی سەرەتای سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم، بە تایبەتی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی، هەروەک (بوید شیغر) لەم بارەیەوە دەڵێت: ''هەر بەکارهێنانێکی چەمک و زاراوەی نەتەوایەتی، بۆ پێش ڕووداوەکانی سەدەی هەژدەهەم، ئەوا لە شوێنی خۆیدا نییە.'' (شیغر، ١٩٦٦: ٦٧-٦٨)

وشەی (نەتەوەیی) کوردی لەجیاتی وشەی قەومی عەرەبی (Nationalist)ی فەرەنسی و بە زمانی ئینگلیزی (Nationalism) بە ئەڵمانی (Natiolist) دەگەیەنێت. (نەبەز، ١٩٨٤: ٦)

سەبارەت بە چەمکی ناسیۆنالیزم کارێکی قورس و ئاڵۆزە، بەو پێیەی بەژداری کارای لە زانستەکانی (فەلسەفە و کۆمەڵناسی و سیاسی ...هتد) هەیە، بۆ نموونە (ئێرنست گلینەر) دەڵێت: ''ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا چەمکێکی سیاسییە، هەوڵدەدات یەکەی سیاسی لەگەڵ یەکەی نەتەوەیی بگونجێنێت''. (Gellener, 1983: 1)، (ئەنتۆنی دی سمیث)یش، دەڵێت: ''ناسیۆنالیزم بزوتنەوەیەکی کولتووریی و ئایدۆلۆژییە، هەوڵ بۆ ئۆتۆنۆمی و هێشتنەوەی یەکێتی نەتەوە و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دەدات.'' (عزیز، ٢٠٠٥: ٥٩-٦٠)، خودی (د. ڕەفیق سابیر)یش، دەڵێت: ''ناسیۆنالیزم سیستەمێکی فیکرییە، کە لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی ئوبژێکتێڤی بوونی گروپێکی ئیتیکی، نەتەوە، کە زمان کولتوور و مێژوو  و هەستی هاوبەشیان هەیە، سەرهەڵدەدات. بۆئەوەی نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکە لە بەرامبەر نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەیەکی دیکەدا بەرزتر و گرنگتر بکرێت و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی لە ڕێگەی سیاسەتێکی سەربەخۆ دابینبکات.'' (سابیر، ٢٠١٤: ٨١)

لە کۆی ئەو بۆچوونانەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە ناسیۆنالیزم ''کەسایەتی بە کۆمەڵە بۆ هەر نەتەوەیەک یان ڕاستییەکی مێژوویی، زمانی و کولتوورییە، کە بەرهەم و دەرئەنجامی هەموو ئەزموونە مرۆییەکان لەخۆدەگرێت، کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە سەرەتای دروستبوونییەوە، تا گەشەکردنی بە شێوەیەکی ڕوون و تایبەت تێپەڕیوە، ئەم کەسایەتییە لەسەر بنەمای کارلێککردنی چەندین پەیوەندیی هاوبەشی تایبەت بە نەتەوە دروستبووە.'' (السامرائی، ١٩٨٣: ١٣)

هزری نەتەوایەتی کوردی ڕێگایەکی جیاواز لە نەتەوایەتی ڕۆژئاوای بڕیوە، لە ڕۆژئاوا بیری نەتەوایەتی دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەی گەورە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو، واتە بنەمایەکی بەهێزی مێژوویی، ئابووری و فەلسەفی هەبووە، کە لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا بڵاو بووبووەوە.

بەڵام لای کورد، ئەو پرسە بە شێوەیەکی دیکە دەرکەوتووە، نەتەوایەتی کورد لە ژینگەیەکی جیاوازدا پەیدابووە، هەربۆیە نووسەر و ڕووناکبیری کورد بۆچوونی تایبەتیان لەسەر چۆنێتی ئەم بیرە هەبووە، بۆ نموونە مامۆستا (جەمال نەبەز) ڕای وایە، کە '' نازانرێت لە کەیەوە کورد کەوتووەتە سەر بیری ئەوەی دەوڵەتێکی ناسیۆنال بۆخۆیان دروستبکەن، کەی و لە کوێی کوردتان سەریهەڵداوە''.(نەبەز، ٢٠٢٢: ٢٦) ئەمەش ئەوە دەگەینێت  کە کورد خاوەنی هزری ناسیۆنالیزمە نەک بیری ناسیۆنالیزم، چونکە خاوەنی دەوڵەت نییە.

سەبارەت بە ئەدەب، شیعری نەتەوەیی لای کورد لە ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆییەوە دەستپێکرد، لە سەدەی بیستەمیش شیعری زۆر بۆ کوردایەتی نووسرا، لەو شیعر و ئەدەبیاتانەدا نەتەوە جوان و شیرین دەکرێت و داوای قوربانییدان بۆ نەتەوە و خۆزگە بۆ سەرکەوتن و باڵابوونی نەتەوە دەخوازرێت و داوادەکرێت لە هەموو ئاستەکاندا کار بۆ بەرزکردنەوەی نەتەوە بکرێت.'' عەبدوڵڵا، ٢٠١٧: ٦)

ڕێچکەی شیعری سیاسی وەک بەشێک لە ئەدەبی بەرەنگاری باسێکی گرنگ و پڕ بایەخە لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا، بە تایبەتی لە بووژانەوەی بیری نەتەوەییدا، هەر بۆیە کاریگەریی وشە ئەوەندەی کاریگەریی چەپ ڕۆڵی لە خەبات و شۆڕشدا هەیە، هەروەک گۆران لەبارەی ئەرکی ئەدەبەوە دەڵێت: "هەر ئەوە تاوێک ئەبێ بە زمانی ئایین و تاوێک ئەبێت بە زمانی فەلسەفە و تاوێک بە زمانی سەرکردەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەل لە بێداریمان دەوروژێنێت، ئەمانکات بە گژ جەور و ستەمدا، بێزارمان ئەکات لە خراپە، هانمان ئەدا بۆ چاکی، بۆ ڕاستی، بۆ داد و ئینساف." (سەعدون، ٢٠٢٢: ٤٦٥)

ئەزموونی شیعریی ڕەفیق سابیر لە سەرەتای حەفتاکاندا بە تایبەتی لە هەردوو کۆمەڵە هۆنراوەی (پشکۆکان دەگەشێنەوە) و (ڕێژنەدا)، ڕاستەوخۆ هەڵوێستی سیاسی و بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژی خۆی بووە، ئەو وەک ئەندامێکی چالاک لە ڕیزەکانی حزبی شیوعیدا باوەڕی تەواوی هەبووە، کە لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوەوە دەتوانێت خەبات بۆ دادپەروەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی فیکریی و ئازادی بۆ کوردستان بکات، ئەم بۆچوونە وایکردووە، شیعرەکانی ئەو قۆناغەی ڕاشکاوانە مۆرکی ئایدۆلۆژیای پێوەدیاربێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: ’’من ئەو کاتە وەک کەسێکی چەپ لە ڕیزی حزبی شیوعی عێراقدا کارم دەکرد، لەو باوەڕەدابووم، کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەو ڕێخراوەوە کار بۆ ئازادی و عەدالەت و پێشکەوتن لە کوردستان و عێراقدا بکرێت.‘‘ (سابیر، ٢٠٢٢: ٧٢)

ئەگەر لە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەی بڕوانین، چەندین دەقی گرنگ دەبینین کە ڕۆحێکی قووڵی نیشتیمانپەروەریی تێدا ڕەنگیداوەتەوە، لەو شیعرانەدا ڕەفیق سابیر دەنگی ئازارەکانی گەلێکی ستەمدیدە، دەبێتە هاوار و گوێگرتن لە ترپەی دڵی خاکێک کە ساڵەهای ساڵە برینداری دەستی داگیرکەرانە.

هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول وەک کارەساتێکی نەتەوەیی، گڕکانێکی لە ناخی شاعیراندا تەقاندەوە، لە سۆزی ئەو گڕکانەوە، شەبەنگی خەمێکی قووڵ و نا ئومێدییەکی تاڵ بەسەر ئاسمانی شیعردا باڵی کێشا، لە ئاوێنەی هۆنراوەکانیدا ئێش و ئازار و ئاوارەیی گەلێکی بێدەنگکراو ڕەنگیدایەوە، هاواری بێدەنگی ڕۆڵەکانی نیشتیمان لە هەناسەی شیعردا دەنگیدایەوە، لەنێو خۆڵەمێشی ئەو کارەساتەدا شیعری بەرگریی و بەرخودان وەک سیمرغێک سەریهەڵدا و چرای هەستی نیشتیمانپەروەری گەشایەوە بە گڕی ڕەخنە پەردەی خیانەت و ئازادییان سووتاند، لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت: ’’هەرەسهێنانی بزاڤی چەکداری ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ کارەساتێکی نەتەوەیی بوو، چونکە دوای چواردە ساڵ شەڕ و خوێنڕشتن، لە کاتێکدا بزاڤەکە مایەی هیوای کورد بوو، کەچی بە ئاسانی هەرەسیهێنا، ئەمە سەرەتای مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیای بۆ گەلی کورد دروستکرد، ئەم دۆخە نوێیە بە شێوەی جۆراو جۆر لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەندێک لە نووسەرانی بەرەو بێ ئومێدی و ڕەشبینیی برد و هەندێکی تری تووشی هەژاری کرد‘‘ (ڕوانین، سابیر، ٢٠٢٢: ٢٣١)

پەیوەند لەگەڵ ڕووداوەکەدا، ڕەفیق سابیر هۆنراوەی (هۆ دار بەڕووە خەمبارەکە)ی لە ئابی ١٩٧٥، لە ژمارە ٢٨ی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاودەکاتەوە، دەڵێت:-

**هۆ دار بەڕووە خەمبارەکە**
**ئەوا لە تینووان، یان لە نێو دووکەڵدا وا هەڵبزرکاویت**
**ئەگەر لەو سەرەوژێرە سەختە نەڕوابایت**
**نە ڕوخسارت وا هەڵدەپروکا و**
**نە هێندەش تینوو دەبوویت**
**ئێستاش ئەگەر چنگ لەو خاک و خۆڵە بەر بدەیت**
**سەری بەرزت دەنەوێت و**
**هەپرون بە هەپرونیش دەبیت**
**هۆ دار بەڕووە خەمبارەکە؟**
**وەرە ڕەگەکانت لەبەر تاڤگەی خوێنم هەڵخە**
**بەڵکو بۆ چەند ساتێک ئەو تینوێتییەت بشکێت**
**کە لە یەکەم ڕۆژی بوونتەوە**
**لەگەڵ خۆت هەڵت گرتووە (بەیان، ١٩٧٥: ٢٨)**

دار بەڕوو لەم هۆنراوەیەدا هێمایەکی بەهێزە بۆ گەلی کورد و پەیوەستبوونی گەلی کورد بە خاکەکەیەوە، کە سەرەڕای هەموو سەختی و نەهامەتییەکانی، وەک شکستی شۆڕشی ئەیلول هێشتا لە خەبات و خۆڕاگریی بەردەوامە، وەک چۆن داربەڕوو بە ڕەگی قووڵی، بەرگەی سەختترین هەلومەرج دەگرێت و لەنێو کێلەکاندا (بەرد و تاشە بەرد) دەڕوێت، گەلی کوردیش سەرەڕای گەمارۆ سیاسی و جوگرافییەکان بەردەوامە لە خەبات و مانەوە، ئەم دارە خەمبارە وێنەی خەمباری و هاوکات سەربەرزیی نەتەوەیەکە، کە ئازاری زۆری چەشتووە، بەڵام ئامادە نییە ڕەگەکانی لە خاکی نیشتیمان دەربهێنێت و لەجیاتی ئەوە لە قووڵایی خۆی چەسپاندووە، هەروەک چۆن ناسنامە و هەستی نەتەوەیی کورد، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی لەناوبردن و ئاسیمیلەکردن، هێشتا لە دڵی گەلەکەیدا زیندووە و کاریگەرە، ئەم هۆنراوەیە پەیامی خۆڕاگری نەتەوەیی دەگەیەنێت و ئامۆژگاری نەتەوەیەک دەکات، دەبێت هەروەک داربەڕوو خۆڕاگربن و پەیوەندییان بە خاک و ناسنامەی خۆیانەوە بپارێزن.

لە دەق (نەخشەیەک) واقیعی داسەپاو ڕەتدەکاتەوە، دژی سیستەمێک دەوەستێتەوە، کە خەونەکانی میللەتەکەی بە پاچی ژان و برسێتی لەتکردووە، بەردەوامی خۆی لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هیوا و ڕێگایەکی نوێ، دووپاتدەکاتەوە، دەڵێت:-

**چۆن سەنگەرێک جێ بهێڵم**
**لەنێو دڵما هەڵکەندرابێت**
**چۆن بتوانم دەستبەرداری میللەتێک بم**
**خەونەکانی بە پاچی ژان و برسێتی**
**لەت کرابێت؟**
**بە بەندەری خوێنەکەمدا دەپەڕمەوە**
**لەنێو درزی گوللەیەکدا**
**باوەشێکی گەرم بۆخۆم دەدۆزمەوە (سابیر، ٢٠١٤: ٨١٤)**

ڕەفیق سابیر لە شیعرێکدا، بە توندیی گوزارشت لە هەستی نەتەوەیی خۆی دەکات و ئەزمونێکی پڕ سۆز و قووڵی نەتەوەیی پێشکەشدەکات، بەرامبەر بە گەلێک، کە تا ئێستا خاوەنی وڵاتی خۆی نییە، لە فۆڕمێکی شیعری سادەدا هەستی ناسیۆنالیزمی خۆی دەردەبڕێت.

**لەبەر ئەوەی بێ وڵاتین**
**وەرزەکانمان خۆڵبارینە**
**بەستەڵەک و سەربڕینە**
**تەمەن تینووێتی و**
**سەراب و**
**پۆلێک خەونی نێو پەرژینە  (سابیر، ٢٠١٤: ٧٨٢)**

وەک دەبینین شاعیر بە شێوەیەکی هونەری و دڵسۆزانە دەنگی ئازاری نەتەوەیەکی بێوڵات، کە کوردە، لەڕێگەی دروستکردنی تابلۆیەکی شیعرییەوە بەرزدەکاتەوە، کە تیایدا بێوڵاتی وەک زەردەخەنەیەکی تاڵ، بەسەر هەموو جوانییەکانی ژیاندا تێپەڕیوە، وەرزەکانی ژیانی کورد بوونەتە خۆڵبارین و نە شادی هەیە و نە دڵخۆشی، ژیان بۆتە بەستەڵەک و سەربڕین و تەمەن تینووێتی خەونەکان بوون بە سەراب، بەمەش بارودۆخی میللەتێکی دەربڕیوە، کە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێیدەکات.

لە دەق (بەسەرهاتی دار بەڕووەکە) شاعیر پابەندبوونی خۆی بە نیشتیمان و نەتەوەکەیەوە دووپاتدەکاتەوە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و سەختییەکان، ئەزموونێکی پڕ سۆز و قووڵی نەتەوەیی پێشکەشدەکات، کە زیاتر لە فۆڕمێکی ئەدەبی سادەدا، بەڵگەنامەیەکی زیندووی خەباتی نەتەوەییە، دەڵێت:-

**دار بەڕوویەک، کاتێک ویستیان**
**هەوای کوێستانی لێ ببڕن**
**لە دڵدار و بەفراوی کەژی دا ببڕن**
**کاتێک ویستیان هەڵی کەنن**
**بە دیاریەوە سێبەرەکەی سەر ببڕن**
**هەتا شل بوو لق و گەڵای وەریوی خۆی**
**لاواندەوە**
**خۆی بەسەر خاک بەسەر خۆڵدا**
**نوشتاندەوە**
**لق و پۆپی بە زەویدا بردە خوارێ**
**دڵی بەسەر تاشە بەردێکی زبردا**
**بەسەر ڕەگ و لق و پۆپیا تواندەوە (سابیر، ٢٠١٤: ٨١٩)**

شاعیر وێنەیەکی پڕ لە هەستی نەخشاندووە، کە تێیدا دار بەڕوو، وەکو سیمبولی نەتەوەیی ڕەسەن دەکەوێتە بەر شاڵاوی نامۆکردن و دابڕان، (هەوای سازگاری کوێستان) کە هەناسەی ئازادی و سەربەستییە و (بەفراوی کەژ) کە نیشانەی پاکی و پیرۆزی خاکە، هەوڵدەدرێت لە دار بسێندرێتەوە، هەروەک چۆن ئازادیی لە کوردستان زەوتکراوە، وێنەی (سەربڕینی سێبەرەکە) قوربانیدانی بە کۆمەڵی نەوەکان و سڕینەوەی سێبەری پاراستنی نەتەوە بەرجەستەدەکات، بەڵام سەرەڕای ئەمە شاعیر لە کۆتاییدا لەناو ئەم وێرانەیەدا سروودی هیوا و بەردەوامبوون دەچڕێت، دارەکە لق و پۆپی خۆی بردە خوارێ، واتا سەرەڕای ئەوەی کورد توشی تراژیدیا بوو هەوڵدەدرێت لە خاکی خۆی دابڕێت، هەرگیز پەیوەندیی خۆی بە خاک و نیشتیمانەکەیەوە نەپچڕاندووە و ڕەگ و ڕیشەی لەناو خاکدا بەردەوامە.

ڕەفیق سابیر لە دەق (خۆ شاردنەوە)دا بە شێوەیەکی هونەری و کاریگەر، چارەنووسی گەلێکی تەنیا و بێ پشتیوان دەگێڕێتەوە لە ڕێگەی

هێمای بەفرێکەوە کە لە چاڵێکدا خۆی شاردووەتەوە، ئەم بەفرە کە وەک گەلی کورد لە نێو شاخەکاندا پەنای گرتووە و خەونی نیشتیمانێکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام کاتێک پیاوانی پاشا (داگیرکەران) هەڕەشەی لێدەکەن و پەلاماری دەدەن، هیچ چەکێکی نییە، جگە لە بوونی خۆی (واتە تەنیا پشت بە خۆی و ناسنامەی خۆی دەبەستێت) بۆیە بڕیاری گۆڕان (بوون بە هەڵم) دەدات، ئەم گۆڕانە هێمایەکی قووڵە بۆ ستراتیژی مانەوە و خۆ گونجاندن، کە لە ڕێگەیەوە گەلێکی بێپشتیوان، دەبێت خۆی لەگەڵ بارودۆخە سیاسییەکاندا بگونجێنێت و شێوازی خەباتی خۆی بگۆڕێت، بێ ئەوەی لە ناسنامە و ئامانجە بنەڕەتییەکانی دابڕێت، وەک چۆن بەفر کاتێک دەبێتە ئاو و هەڵم ناسنامەی ناگۆڕێت، بەڵکو تەنیا شێوەی دەگۆڕێت، دەڵێت:-

**بەفرێک لە وەرزی زستان جێ مابوو**
**لەنێو چاڵێکدا**
**لە ژێر سێبەری ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەدا**
**خۆی حەشار دابوو**
**بۆ خەونەکانی**
**نیشتیمانێکی نوێی بنیاد نابوو**
**هاوین هات زانی**
**پیاوانی پاشا دێن دەیگوازنەوە**
**لوتکە و ئاسمان و ئەستێرەکانی لێ دەشارنەوە**
**بەفر ژیان و بوونی خۆی نەبێت**
**چەکێکی تری**
**نەبوو بەرگری پێ لە خۆی بکات**
**بۆیە خۆی دایە بەر تیشکی هەتاو**
**تا ببێت بە ئاو**
**بەنێو زەویدا شۆڕ ببێتەوە**
**ببێت بە هەڵم**
**خۆی لەناو تیشکا بشارێتەوە (سابیر، ٢٠١٤: ٧٧٤)**

ڕەفیق سابیر لە کۆپلەیەکی (وەرزی سەهۆڵبەندان) دا، ناوی چەندین شاری کوردستان دەهێنێت، کە هەر یەکەیان ڕەمزی نەتەوەیی و قوربانیدانن لە خەباتی نەتەوەیی کورد، لەپێناو ڕزگاری نیشتیمانی چارەنووسی نەتەوەیی کورددا، (بەردە قارەمان) ڕەمزی لەدەستدانی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمرە، (مەهاباد) ڕەمزی یەکەم کۆماری کوردستانە، (سلێمانی) ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد و مل نەدان بۆ داگیرکەر، (گۆمی وان) ڕەمزی قوربانیدانی سەدان ژن و منداڵی کورد دژی حکومەتەکەی ئەتاتورک، (قەڵادزێ) ڕەمزی وێرانکاری و ستەمە، کە بەسەر ئەو شارە و کورددا هات، بەمەش نموونەیەکی بەرچاوی بیری نەتەوەییمان پیشاندەدات، کە پشتگیری یەکپارچەیی کوردستان دەکات، دەڵێت:

**لە کەرنەڤاڵی سووتاندا**
**ڕێژنە هەڵمدەکاتەوە**
**مەنفام لەبیر دەباتەوە**
**بەرەو بەردەقارەمان و**
**سلێمانی و**
**مەهاباد و**
**گۆمی وان و**
**کەلاوەکانی قەڵادزێم دەباتەوە (سابیر، ٢٠١٤: ٦٠٩)**

(لاوکی هەڵەبجە) قەسیدەیەکی درێژی ڕەفیق سابیرە، کە لە ساڵانی ١٩٨٨ بۆ ١٩٨٩ نووسراوە، کراوە بە گۆرانی، بەڵام بە دەسکارییەوە، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە جیهانبینی و داهێنانی شیعریی ئەودا، ئەم بەرهەمە خاڵی وەچەرخانێکە، کە تێیدا شاعیر لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە هەنگاوێکی نوێ بۆ بەرجەستەکردنی ئەو گۆڕانکارییە فیکرییەی دەنێت، کە بەسەر گوتاری شیعریی ئەودا هاتووە، بە تایبەت دوای '' مێژوویەکی درێژ لە ئیلتزامبوونی بە حزبی شیوعی عێراقەوە، وازیهێنا، وەکو شاعیرێک ئەگەرچی هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە لە بواری بنیادنانی گوتاری کوردیدا کاریکردووە، لەم قۆناغەی دواییدا بە ئاسۆیەکی ڕوونتری نەتەوەییانەوە لەو بوارەدا کاردەکات، کە بواری بە شیعرکردنی سیاسەت و مێژووی کوردە.'' (قەرەداغی، ٢٠٠١: ٧٩)

سەبارەت بە ڕووداوەکە (ڕەفیق سابیر) دەڵێت: '' دەوڵەتی سۆڤیەت، کە بەرژەوەندی زۆری ئابووری و سیاسیی لە عێراق هەبوو، ئیدعای حکومەتی عێراقی دووبارە کردبووەوە، کە گوایا ئێران ئەو کارەی کردووە، ئەو هەڵوێستەی یەکێتی سۆڤیەت و بێدەنگبوونی بەرامبەر

ئەو تاوانە مەزنە، بڕیی کارەساتەکەی لە دڵی من و ڕەنگە دەیان هەزار کەسی تری، قووڵتر و پڕ ئازارتر کرد، چونکە چاوەڕێی هەڵوێستی لەو جۆرە لە یەکێتی سۆڤیەت نەدەکرا، کاتێک دەوڵەت، کە خۆی بە پشتوپەنای گەلانی ستەملێکراو دادەنا، هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەی بەرامبەر کارەساتەکە پیشاننەدا و مەحکومی نەکرد، نەدەبوو هەلپەرستانە پاکانە بۆ دەوڵەتی عێراق بکات، گەورەیی کارەساتەکە و هەڵوێستی هەلپەرستانەی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆشیالیستی بەرامبەر کارەساتەکە، درزیان خستە باوەڕی سیاسی منەوە، بۆ یەکەمجار لە خۆم پرسی، ئایا من بە ڕێگەیەکی دروستدا دەڕۆم؟'' (سابیر، ٢٠٢٣: ٤٠٧)

**بەنێو کێڵگەی ژیلەمۆدا هەنگاو دەنێم**
**پەڵە هەورێک بۆرم دەکات**
**ئێوارە خۆم تێهەڵدەسوێت**
**تاریکایی تەڕم دەکات**
**لە ڕووباری مێژوو دەدەم**
**سنگم دەبێتە گۆڕەپان**
**قۆڵەکانم دەبن بە تەنگە دەربەندێک**
**بۆ لەشکری داگیرکەران (سابیر، ٢٠١٤: ٥٤١)**

ڕەفیق سابیر بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەردە لەسەر ئازاری قووڵی نەتەوەکەی لادەدات، شاعیر کاتێک (بەنێو کێڵگەی ژیلەمۆدا) هەنگاودەنێت، گەشتێک لەناو بۆنی گازی کیمیایی دەستپێدەکات، کە بە بۆنی (سێو) وەسف دەکرا، (پەڵە هەورێک بۆری دەکات)، ئەو گازە ژەهراوییەی کە هەڵەبجەی تەنییەوە، بە شێوەیەکی سەیر دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ شاعیر، ئەو لە بری ئەوەی بڕوخێت، هەستی بەرپرسیارێتی زیاتری بەرامبەر نەتەوەکەی لە لا دروستدەبێت، (خۆی تێهەڵدەسوێت) وەک مۆمێک، کە دەسووتێت تا ڕاستی کارەساتەکە بەرامبەر نەتەوەکەی نیشانبدات، (تاریکی تەڕم دەکات)، دواتر (لە ڕووباری مێژوو دەدات) و ( قۆڵەکانی دەبنە تەنگە دەربەندێک، بۆ لەشکری داگیرکەران) شاعیر جەستەی خۆی دەکاتە جوگرافیای نیشتیمان، خۆی دەبێتە خاک و شار و شاخ بۆئەوەی بەرگری لە نەتەوەی بکات، بەم شێوەیە ڕەفیق تراژیدیای تایبەتی دەکاتە داستانێکی گەردوونی، دەربارەی خۆڕاگریی مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و زوڵمدا. هەروەها دەڵێت:-

**فڕۆکەکان لەناکاو دێن**
**ڕووتین، خۆمان بە گژوگیا و**
**زەردە گەڵا و**
**بە ئاژاوە دادەپۆشین**
**فڕۆکەکان لە ناکاو دێن**
**ڕووتین، خۆمان بە ئاسمان و**
**دارستان و**
**لەپی دەستمان**
**دادەپۆشین**
**چنگێک شەپۆل دەچنینەوە**
**دەیکەین بە دەمامک و ڕەشماڵ**
**تاوێرێک هەڵدەکۆڵین و**
**کەچی ڕووتین**
**خۆمان بە ساچمە و هەوری ژەهراوی دادەپۆشین**
**هێشتا ڕووتین ..**
**ڕووتین..**
**ڕووتین..! (سابیر، ٢٠١٤: ٥٤٢)**

لەم شیعرەدا وێنەیەکی پڕ ئازار لە گوتاری نەتەوەیی بەرجەستە دەبێت، وشەی (ڕووتین) وەک زەنگی مەرگ بەردەوام لێدەدات، وەک سەمفۆنیایەک لەسەر بێچارەیی نەتەوەیەک بەرامبەر بە فڕۆکەکان و ئەو جەللادانەی ئاسمان، کە ئاشتی ناناسن، سروشت (گژوگیا، زەرخەگەڵا) لە بری پەناگە، دەبێتە کفنی بێتاوانی جەستەی بریندار، داستان و لەپی دەست، ئەو دوو پارچەیەی کە یەکێکیان هێمای ژیان و ئەوەی دیکەیان هێمای خەبات و قوربانیدانە، سێپەڕی بێسوودی بەرگری، (هەوری ژەهراوی) وەک تاجی درکین لەسەر سەری شارێکی بریندار دەنیشێتەوە، دووپاتبوونەوەی وشەی (ڕووتین) لە کۆتاییدا، هاوارێکە بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی، داوایەکە بۆ تێڕوانینی بێپەناهی نەتەوەیەک، شاعیر بەوپەڕی سادەییەوە کارەساتی هەڵەبجە و کوشتاری نەتەوەیەک، دەکاتە بابەتێکی ئینسانی جیهانی.

ڕەفیق سابیر هەڵەبجە دەکاتە سیمبولێکی نەتەوەیی، کە نوێنەرایەتی خەبات و ئازاری گشت هەلی کورد دەکات، هاوکات ئاماژە بۆ

نیشتیمانی داگیرکراوی نەتەوەی کورد دەکات، کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی شوناسی کولتووری و زمانی خۆیەتی، هێشتا دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، هەڵەبجە وەک هێمای بەرگری و شۆڕش دەردەخات، وەک ئاماژەیەک بۆ خۆڕاگری نەتەوەیی، هەروەها وەک وتمان هەوڵدەدات کارەساتی نەتەوەیی بگوازێتەوە بۆ ئاستی جیهانی، بیکاتە پرسێکی گەردوونی پەیوەندیدار بە حەق و دادپەروەری، گرنگی یادەوری و تۆمارکردنی مێژوو وەک بەشێکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی بەرجەستەدەکات، بە شێوەیەک کە کارەساتی هەڵەبجە زیندوو دەهێڵێتەوە و دەیکاتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی نەتەوەی کورد، دەڵێت:-

**هەڵەبجە هەرێمی ژانە**
**ئاڵای سووری (کۆمۆنە)یە**
**وڵاتی بێ وڵاتانە**
**هەڵەبجە هەرسی هەقە**
**چنگێک خۆڵە خوێن دەبرێژێت**
**داستانێکە بەیان لە زام دایدەتاشێت**
**لەسەر تەم و**
**دارستان و**
**خۆڵەمێش دەینووسێتەوە**
**ڕووبار بەدەم گریانەوە**
**بۆ گیا**
**بۆ دەریا**
**بۆ کەنار**
**تریفەی دەگێڕێتەوە (سابیر،٢٠١٤: ٥٥٩)**

ئاراستەی گوتاری ناسیۆنالیزمی ڕەفیق سابیر لە کۆمەڵە هۆنراوی (کاروانسەرا)دا فرە ڕەهەندە، کە تێیدا ناسیۆنالیزمێکی شاعیرانە و هونەری پێشکەشدەکات، لە لایەکەوە ناسیۆنالیزمی ڕەخنەگرانەیە، ڕەخنە لە فەرامۆشکردنی مێژوو و قوربانییەکان دەگرێت، وێنەی دۆخی مێژوویی نەتەوە دەکێشێت و مەترسی لەبیرکردنی یادەوەریە نەتەوەییەکان دەخاتەڕوو، لە لایەکی تر ناسیۆنالیزمی بەرگری و بەردەوامی و هیوابەخشە، کە باوەڕی بە خۆڕاگریی و ڕاپەڕین هەیە، لەناو تاریکی و ستەمدا بەدوای ڕووناکی دەگەڕێت.

لە شیعری (نەخشە)دا ڕەفیق سابیر چیرۆکی نەتەوەکەی دەگێڕێتەوە، کە بەدوای نیشتیمانێکی وندا دەگەڕێت، بە وشەی (ڕابوو) دەستپێدەکات، کە بەئاگاهاتنەوە و هەستان پیشاندەدات، ئەم کەسە دەیەوێت بەناو ئاژاوەدا تێپەڕێت و وڵاتەکەی بدۆزێتەوە، لەسەر مەزرا (خاکی بەپیت) نەخشەی وڵاتەکەی دەکێشێت، بە تیشک (ڕووناکی و هیوا) ئاڵای بۆ دەچنێت، کە هێمای سەربەخۆیی و ناسنامەی نەتەوەییە، بەڵام کاتێک ئێوارە دادێت، لە حاڵەتێکی بێئاگاییدا منداڵ ئاسا خەو بە سەریا زاڵدەبێت و وڵات و ئاڵاکەی لێدەدزێت، کە ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی نیشتیمان لەلایەن داگیرکەرەوە یان بەهۆی بێئاگایی نەتەوەییەوە، دەڵێت:-

**کە ڕابۆوە**
**وتی: بەنێو ئاژاوەدا دەپەڕمەوە**
**وتی: وڵاتە ونەکەم**
**دەدۆزمەوە**
**لەسەر مەزرا نەخشەی وڵاتەکەی کێشا**
**بە تیشک ئاڵای بۆ چنی**
**لای ئێواران**
**منداڵئاسا خەو بردیەوە**
**جارێکی دی**
**خەو وڵات و ئاڵاکەی لێ دزیەوە (سابیر، ٢٠١٤: ٤٥٧)**

لەبیرکردنی قوربانییەکان، یەکێکە لە گەورەترین تراژیدیا مێژووییەکان کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە کولتووورە جیاوازەکاندا دووبارە دەبێتەوە، کاتێک کۆمەڵگا یادەوەریی ئەوانەی، کە لە پێناویدا گیانیان بەختکردووە فەرامۆشدەکات، نەک تەنیا ئەوەی شەهیدەکان و قوربانییەکان، بەڵکو بنەما ئەخلاقییەکانی خۆشی لاوازدەکات، شاعیر لە شیعری (گەردەلوول)دا بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژە بەوەدەکات، کە نەتەوەی کورد بەردەوام لە بازنەیەکی ناتەواودا دەسوڕێتەوە، شۆڕش و خەباتدەکات، قوربانییدەدات، بەڵام دواتر یادەوەرییەکان دەسڕێتەوە، هیچ نیشانەیەک لە خەبات و قوربانیدان نامێنێت، کاتێک شاعیر دەڵێت: ''نە ناوێک لەسەر کێلە گۆڕ، نە تابۆلی خوێن بەسەر دیوارەوە ماوە'' ڕاسەوخۆ ڕەخنە لە فەرامۆشکردنی مێژووی قوربانیدانی نەتەوەی کورد دەگرێت، پەیامی ئەوە بە گوێدا دەدات، تا ئەو بازنەیە نەشکێندرێت، نەتەوە مێژووی خۆی نەپارێزێت هەمان چارەنووس و کارەسات دووبارەدەبنەوە، دەڵێت:-

**پێش گەردەلوول کەژاوەکەی بە ئامێزی دادەپۆشێت**
**بەنێو تەمدا سنووری ئەم کۆچە دەبڕێت**
**کەژاوەکەی**
**هێشتا کەڵەکی سەر ئاوە**
**کەژاوەکەی**
**لەسەر چەقی ڕێی خۆڵەمێش، ئاڵای**
**لەشکری شکاوە**
**گەردەلوولەکە نیشتەوە**
**نە ناوێک لەسەر کێلە گۆڕ**
**نە تابلۆی خوێن بەسەر دیوارەوە ماوە (سابیر، ٢٠١٤: ٥١١)**

لە شیعری (ئاڵا)دا بە زمانێکی هونەری جوان ئاڵا وەک سیمبولێکی بەرز و پیرۆزی ناسنامەی نەتەوەیی دەخەملێنێت (لە هەرێمێکی بەردیندا)، کە هێمایە بۆ نیشتیمانێکی داگیرکراو، دەنگی نەتەوە لە تاریکیدا ڕادەگەیەنێت و ئەستێرەی (هیوا) دەکاتە کەژاوەی گەڕان بەدوای ڕزگارییدا، تاوێر (شاخە بەرزەکان) دەبنە ماڵ و پەناگەی نەتەوە، شەپۆل و ڕاستی هاوڕێی خەبات و بروسکە ئەو تیشکە لەناکاوە بەهێزەیە، کە دەبێتە ئاڵای ڕابوون و ڕاپەڕین، شاعیر بیر و هزری خۆی بە دارستانێک لە تووڕەیی دادەنێت و ڕۆحی خۆی بە جوڵەی بەردەوامی گەردوون دەبەستێتەوە، بۆیە ئاڵا لەم شیعرەدا دەبێتە هەڵگری ڕۆح و ناسنامەی نەتەوەیەک کە لە تاریکترین ساتەکانیشدا گەشاوەیە، هەروەک چۆن بروسکە لە تاریکترین شەودا ئاسمان ڕووناکدەکاتەوە، دەڵێت:-

**لەم هەرێمە بەردینەدا**
**گۆرانییەک**
**بە گەردنی تاریکیدا هەڵدەواسێ**
**ئەستێرەیەک دەکات بە کەژاوەی ونبوون و**
**تاوێر: بە ماڵ**
**شەپۆل و ڕاستی: بە هەڤاڵ**
**بروسکە: بە ئاڵای ڕابوون**
**لەم هەرێمە بەردینەدا**
**سەرم دەکات بە دارستانی تووڕەیی و**
**ڕۆحم بە جۆلانەی گەردوون (سابیر، ٢٠١٤: ٥٢٣)**

لە کۆتاییدا شاعیر بەڵێنی ئەوە دەدات، کە وەک خەباتکەرێک یان کوردێکی نیشتیمانپەروەر، کە تا ئەو کاتەی زیندووە، بەردەوام دەبێت لە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕووناککردنەوەی تاریکی و چاندنی هیوا لە خاکی کوردستاندا، دەڵێت:-

**تا بمێنم**
**پەرژینی وەرزی دەشکێنم**
**لەنێو کەلاوەی مامەدا**
**لە هەرێمی ئاژاوەدا**
**شەتڵە تیشک و**
**نەمامی مەحاڵ دەچێنم**
**تا بمێنم**
**ڕۆح بە جۆلانەی بروسکە ڕادەژێنم (سابیر، ٢٠١٤: ٥٣٠)**

لەو ڕوانگەیەوە شیعری ناسیۆنالیزمی ڕەفیق سابیر تێکەڵەیەکی ناسک و هونەرمەندانەیە، کە لە ئایدۆلۆژیای توندڕەو بەدوورە و لە شیعرەکانیدا زیاتر جەخت لەسەر ڕەهەندی مرۆڤایەتی و کولتوورییەکان دەکاتەوە، گرنگی بە ناسنامەی کوردی و زمان و میراتی مێژوویی دەدات، بەرهەمەکانی هاوسەنگی لە نێوان خەبات و هیوا دروستدەکەن، لە کاتێکدا پرسیاری فەلسەفی لە بارەی چەمکی نیشتیمان، ناسنامە و مافی چارەنووسی گەلان دەورووژێنێت، بەم شێوەیە ناسیۆنالیزمی ڕەفیق سابیر ناسنامەی کوردی وەک بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ناسنامەی گشتی مرۆڤایەتی دەبینێت.

## ئەنجام

1. ڕێڕەوی ئەنتەرناسیۆنالیزمی ڕەفیق سابیر، بەهۆی ئەندامێتیی لە حزبی شیوعی عێراقەوە، لە بیرۆکەی مارکسیزمەوە سەرچاوەی گرتووە، خۆی لە پشتگیری و هاوسۆزی نەتەوە ستەملێکراوەکانی دنیا دەبینێتەوە.

2. شیعره نێونەتەوەییەکانی خەبات و قوربانیدانی تاک، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دا لە ڕێگای هێما جیهانییەکانەوە بەرجەستەدەکات، وەک (ڤیکتۆر گارا).
3. هەرچەندە ئایدۆلۆژیای چەپی مارکسی وەک چوارچێوەیەک بۆ شاعیر کاریکردووە، بەڵام لە پشتی ئەو ئایدۆلۆژیایەدا دڵێک هەیە، کە بە نیشتیمانەوە گرێدراوە، هەرگیز هەستی نەتەوایەتی خۆی نەشاردووەتەوە، شیعری بۆ شکستی شۆڕشی ئەیلول نووسیوە، خەمی بێ وڵاتی و چەند مەسەلەیەکی تری نەتەوەیی دەربڕیوە.
4. کارەساتی هەڵەبجە بە خاڵی وەچەرخان لە ژیانی سیاسی و بیرکردنەوەی شاعیردا دادەنرێت، ئەم تراژیدیایە وای لە شاعیر کردووە، بیروباوەڕە جیهانییەکانی بەجێبهێڵێت و ببێتە کەسێکی نەتەوەیی، لەم ڕووەوە شیعرەکانی بووەنەتە زریانی عیشقی نیشتیمان و لەوکاتەوە قەڵەمەکەی گۆڕیوە لە هاواری ئەنتەرناسیۆنالیزمی جیهانییەوە بۆ ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی.

## لیستی سەرچاوەکان:


1. بەسیر، کامیل حەسەن: (١٩٦٠)، مرۆڤایەتی لە شیعری کوردیدا: گۆران – هەژار – کامەران ، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە (٨)، سلێمانی.
2. ڕەوا: (١٩٨٤)، ناسیۆنالیزم و ئەنتەرناسیۆمالیزم لە مەسەلەی ڕزگاری نیشتیمانیدا، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شاخ.
3. سابیر، ڕەفیق: (٢٠٠٤)، دیوانی ڕەفیق سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
4. سابیر، ڕەفیق: (٢٠١٤)، ئیمپراتۆریای لم، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران.
5. سابیر، ڕەفیق: (٢٠٢٢)، ڕووانین بە ڕووناکیدا (لە بارەی شیعر، ئازادی، ژیان) ، (دیداری ئەدەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
6. سابیر، ڕەفیق: (٢٠٢٣)، لە ستایشی ژیاندا (ئەزموونی نووسەرێک)، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
7. سەعدون، د. سامان عیزەدین: (٢٠٢٢)، توێژینەوەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
8. صدیق، فەرەیدون: (٢٠٠٤)، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، گۆڤاری ڕوانگە و ڕەخنە، ژمارە (٥)، ساڵی سێهەم، کۆمەڵەی ڕۆشنگەری کوردستان، سلێمانی.
9. عزیز، ماهر: (٢٠٠٥)، ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەی کورد، گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە (٣)، تشرینی یەکەم.
10. عەبدوڵلا، د. ئیدریس: (٢٠١٧)، دەق ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
11. عەبدولواحید، ئازاد: (٢٠١٤)، کولتور و ناسنامە (وردبوونەوەیە لە کولتور و ئەدەبیاتی کوردی)، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
12. غەفور، خەڵەف: (٢٠٢١)، ئەشق و ئازادی (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەفیق سابیر)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
13. فریفیل، جان: (٢٠١٩)، تێزەکانی مارکس – ئەنگلس لە بارەی ئەدەب و هونەرەوە، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە فوئاد مجید میسری، چاپخانەی تاران.
14. قەرەداخی، عەتا: (٢٠٠١)، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
15. کۆمەڵێک نووسەر: (٢٠١٩)، ئەنتەرناسیۆنالیزم، وەرگێڕانی کارزان کاوسین و ئارام مەحموود ئەحمەد، ڕەزوان حەسەن، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
16. مستەفا، ئاسۆ عومەر: (٢٠١٩)، ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠ – ١٩٧٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
17. نەبەز، جەمال: (١٩٨٤)، بیری نەتەوەیی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازاد، ستۆکهۆڵم.
18. هەڵەدنی، ژیلوان عەبدوڵلا: (٢٠٢٤)، ڕۆڵی حزبی شیوعی عێراق لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٥ – ١٩٩١)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئایدیا، سلێمانی.
19. (الباشا) عبدارحمن رأفت: (٢٠٠٤)، نحو مذهب اسلامي في الأدب و النقد، دار الأدب الأسلامي للنشر و التوزيع، القاهرة.
20. (السامرائي) د. ماجد أحمد: (١٩٨٣)، التيار القومي في الشعر العراقي الحديث منذُ الحرب العالمية الثانية ١٩٣٩ حتى نكبة حزيران ١٩٦٧، دار الحرية للطباعة، بغداد.
21. (شيغر) بويد، (١٩٦٦) القومية عرض و التحليل، ترجمة جعفر الخصباك و عدنان الحميدي ، دار المكتبة الحيات، بيروت.
22. (Gellner), Ernst: (1983), Nation and Nationalism Ithaca, New York, Cornell University.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-03

# Internationalism and Nationalism in the Experience of Rafiq Sabir's Poetry (1970-1991)

## Extracted from MA Thesis

**Ali Hidayat Qader[1], Saman Ezadin Saadun[2]**

1. Directorate of Education in Garmian/ Education In Kalar
2. Kurdish Language Department, College of Education, University of Charmo, Kurdistan Region – Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October, 2025** |

**Keywords**

**Rafiq Sabir, Internationalism, Halabja, Nationalism**

**Corresponding Author**

Ali.hidayat.qader1@gmail.com
saman.ezadin@chu.edu.iq

**Abstract**

Rafiq Sabir's Intellectual and Artistic Transformation in Kurdish Poetry Comrade Rafiq Sabir stands as one of the distinguished voices of Kurdish poetry, who through his sharp pen and passionate heart has played a significant role in the development of contemporary Kurdish poetry. This poet's intellectual and artistic life serves as a bright mirror reflecting the profound transformations of his era, and his poetic experience forms part of the world of Kurdish political poetry.

This research examines the intellectual and artistic transformation of Rafiq Sabir in his poetry from 1970 to 1991, attempting to answer the question of how the poet's intellectual transformation from communist internationalism toward ethnic nationalism was reflected in his poetry. In the first phase, as a leftist member of the Iraqi Communist Party, he expressed ideas of unity and the struggle of the world's oppressed nations, criticized the system of imperialism and colonialism, and discussed social justice and the struggle of nations in an international poetic language. However, after the Halabja tragedy, a fundamental change occurred in his thinking, and he turned toward ethnic nationalism. In this field, his poetry became the voice of love for the homeland and the protection of language, culture, and ethnic identity.

The research reveals that the poet was able to artistically blend both paths in a sophisticated manner and present a complete picture of the political and social atmosphere of his time.